گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper14
ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠٣/٢٦
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٠٥/٢٩
ڕێـكەوتی بڵاو كردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# ڕادەی بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکانی پەرتوکی مێژوی پۆلی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی لای خوێندکاران لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە

أحمد علی حمه[١] - سلام عبدالكريم عبدالله عبدالكريم[٢] - ئاوات أحمد رشيد[٣]
awwatahmad@gmail.com - salam.abdulla@univsul.edu.iq - ahmad.ali@univsul.edu.iq
[١]کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢]کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سیدصادق، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٣]بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئامادەکردنی پێوەرێکی هەڵسەنگاندنە، سەبارەت بە ڕادەی بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکانی بەشی یەکەم و دووەمی پەرتوکی مێژوی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی لای خوێندکاران، بەمەبەستی گەیاندنی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێنا. سەرەتا توێژەر هەستا بە دەرهێنانی چەمکە مێژووییەکانی هەر سێ ڕەهەندی (ڕوت و کاتی و شوێنی) بەشی یەکەم و دووەمی پەرتوکی مێژوی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی. دواتر ئامادەکردنی (60) پرسیار لە شێوەی هەڵبژاردن تایبەت بە خوێندکارانی پۆلی دەیەم و پۆلی یازدەهەمی وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی (2022 – 2023)، خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی سنوری پەروەردەی چەمچەماڵ پێکهاتبون لە (621) خوێندکاری کوڕ و (399) خوێندکاری کچ، بەگشتی خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی پێکهاتبو لە (1020) خوێندکار کە دابەشی سەر (17) خوێندنگا بون، بەڵام خوێندکارانی پۆلی یازدەهەمی وێژەیی سنوری پەروەردەی چەمچەماڵ پێکهاتبو لە (288) خوێندکاری کوڕ و (271) خوێندکاری کچ، بە گشتی خوێندکارانی پۆلی یازدەهەمی وێژەیی پێکهاتبو لە (559) خوێندکار کە دابەشی سەر (20) خوێندنگا بون. کۆی گشتی خوێندکارانی پۆلی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی تایبەت بە خوێندنگا حکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی

پەروەردەی چەمچەماڵ، کە ژمارەی خوێندکارانی سنورەکە دەگاتە(1579) خوێندکار تێیدا. (909) خوێنکاری کوڕ و (670) خوێندکاری کچ بون. پاشان توێژەر هەستا بە دیاریکردنی ڕاستی و جێگیری ئامرازەکان بەپێی هاوکێشەکانی پێرسۆن، ناوەندی ژمێرەیی، تاقیکردنەوەی (T. test) لە پاش دڵنیابون لە ڕاستی ئامرازەکە، توێژەر پرۆگرامی ئاماری (SPSS) بەکارهێنا، سەرئەنجام توێژەر بەو ئەنجامە گەیشت کە هەمو چەمکە مێژوییەکانی بەشی یەکەم و دوەمی پەرتوکی مێژوی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەم بە هەر سێ ڕەهەندی (ڕوت و کاتی، شوێنی) گونجاون و دەکرێ وەکو پێوەرێک بەکار بهێندرێن و سودیان لێ وەربگرێت بۆ توێژینەوەی دیکە.

**کلیلە وشەکان**: بەدەستهێنان، ڕادەی بەدەستهێنان، چەمکە مێژوییەکان، مێژو، چەمک

## بەشی یەکەم

## ناساندنی توێژینەوەکە

### پێشەکی:

مێژو لەو بابەتە گرنگانەیە کە توێژەرانی هەرێمی کوردستان تیشکیان خستۆتەسەر، لەقۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، میتۆدی خوێندن ڕۆڵێکی بەرچاودەگێڕێت لە دروستکردنی فکری تاکو ئاڕاستەکانی و گەشەپێدانی کەسێتی و زانیارییە جیاوازەکانی و پارێزگاریکردنی لە ناسنامەی کۆمەڵگا، ئەم ڕۆڵەش سەرچاوەدەگرێت لە دەرئەنجامی پەیوەستبونێکی پتەو بە کۆمەڵگاوە و گۆڕانکارییە مێژوییەکان لە ڕابردو و ئێستا و داهاتو، زۆرجار ئەم پێکهاتەیە بۆ تاک و گۆڕانکارییەکان کە ڕوبەڕوی دەبنەوە لە ڕێگای مێژوەوە و ئەو زانیاری و ڕاستییە مێژوییانەی کە بۆ ئامادەکردنی فێرخوازی هاوسەنگ دەستنیشانکردنی هاووڵاتییەکی تەندروست کە هەوڵبدات بۆ خزمەتکردنی ئەو کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەی کە وەفای بۆی هەیە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە ناسراوە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی داتاکان و نزیککەوتنەوی ڕۆشنبیری، سەرچاوەکانی زانیاری کە خوازیارە لای فێرخواز تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە دروست بکات، کە بتوانێت هەڵسەنگاندن بکات و ڕەخنە بگرێت لەوەی کە دەیخوێنێتەوە و دەیبینێت، تاکو توانای تێگەیشتنی لا دروست بێت و ئەم پێشکەوتنە بە ئەرێنی و نەرێنییەوە وەربگرێت ڕوبەڕوی ئاستەنگە فکری و ڕۆشنبیرییەکان ببێتەوە، لە ڕێگای ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەی داتا و چەمکە مێژوییەکان.

مێژو جۆرێکە لە لێکۆڵینەوە و گەڕان کە یارمەتیدەرە لە تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لە ڕێگای پێشکەشکردنی دەرفەت بۆ شوێنکەوتنی ئێستا لە پێناو لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژو. هەروەها دەکرێ لە ڕێگای چەمکەکان و گریمانە سەرەکی و کاریگەرەکانەوە پێشبینی ئێستا و هزری

داهاتو بکرێت، کە میتۆدە مێژووییەکان تیشکی دەخەنەسەر کە کاردەکەن لەسەر یەکخستنی ڕاستییەکان بە بەڵگەی لۆژیکی. (Hunkins , 1982)

تێگەیشتنی کات لە ڕوانگەی مێژوەوە کارێکی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕوداوە مێژووییەکان. هیچ ڕوداوێک واتایەکی نابێت مەگەر تێگەیشتنێکی کاتی و شوێنی بەدوایدا دەستنیشان کرابێت.

لێکۆڵینەوەی مێژو گرنگی بە کات و شوێن و دەستکەوتی گەلان و هاوبەشییان دەدات لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و پێکبەستنەوەی نێوان ڕابردو و ئێستا. (Koleman Night, 1995)

گرنگی کات و شوێن دولایەنی سەرەکین لە ژیاندا، شوێن ئەو لایەنەیە کە شتەکانی تێدا دەبینرێن و کاتیش ئەو لایەنەیە کە شتەکانی تێدا دەگۆڕدرێت. (معایمة، 1991)

سەبارەت بە گرنگی چەمکە مێژووییەکان خوێندن و لێکدانەوەی چەمکەکان جۆرێک لە کارامەیی پێکدەهێنن کە مامۆستا و خوێندکار پێویستیان پێدەبێت. ئەو خوێندکارەی کە چەمکە بنەڕەتییەکان پوخت دەکات سەرکەوتنی مسۆگەردەکات لە فێربونی زیاتر لە بارەی چەمکەکانەوەو بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و چارەسەرکردنی کێشەکان. (مرعی و بلقیس، 1996)

## 1 – 2 گرفتی توێژینەوەکە:

دوابەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) و دامەزراوە دامەزراندنی دەوڵەتییەکان و لە سەروبەندی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (1992) ڕەوشێکی نوێ دروستبو، ئەم ڕەوشە نوێیە لە ڕوی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە ئەوەی دەخواست کە سیستەمی پەروەردە گۆڕانکاری بەسەردابێت کە لە ئاستی داواکارییەکانی دۆخە نوێیەکەدا بێت، بۆ ئەم مەبەستەش وەک هەنگاوێکی سەرەتایی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندندا جێبەجێکران، کە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیش لەم گۆڕانکارییانە بەدەرنەبون، لەوانەش بابەتی مێژوش لە نێویاندا. چونکە لە سەردەمی ڕژێمی پێشودا ئەم بابەتە لەخزمەتی ڕاستەوخۆی بیروبۆچونەکانی حزبی بەعسدا خرابونەگەڕ کە ئەمەش هەندێک چەمکی مێژویی لە پەرتوکەکانی مێژودا زیادکردبو کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەکردە سەر کەمکردنەوەی بیروباوەڕی نەتەوەیی و سڕینەوەی نەتەوەی کورد. (ماملێسی، 2009: 2)

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستی بە کێشەی لاوازی مامۆستایان کرد، لەم ڕووەوە هەنگاوی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر ناوە، لە سێیەمین کۆنفرانسی پەروەردەیی خۆیدا لە ساڵی (2001) لە هەولێر تیشک دەخاتە سەر ناپسپۆڕیی مامۆستایان (حکومەتی هەرێمی کوردستان – وەزارەتی پەروەردە، 2001: 35)

وێڕای ئەو ڕاستی و بەڵگانەی باسکران، توێژەر تێبینی ئەوەی کردوە کە پەرتوکەکانی مێژوی قۆناغی ئامادەیی بە شێوەیەکی گشتی زۆر وشک و بێزارکەرن و دورن لە ڕەچاوکردنی حەز و ئارەزوی خوێندکار، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم پرۆسەی خوێندن و خوێندکار و بەدیهێنانی ئامانجەکانی، لە پاڵ دەربڕینی ناڕەزایی مامۆستایانی بابەتەکە بە شێوازی جۆراوجۆر.

چەمکەکان گرنگیان هەیە لە بنیاتنانی پرۆسەی فێرکردن و تێگەیشتینیان لەلایەن خوێندکارانەوە لە توانا و ئاڕاستە و بەهای کارامەیی لە خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی و بابەتی مێژو بە شێوەیەکی تایبەتی، وێڕای ئەو کۆنگرە و چاوپێکەوتنە پەروەردەییانەی کە گۆڕەپانە فێرکارییەکان بە خۆوەی دیون لە هەرێمی کوردستان. پرۆسەی بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنە یەک لە دوای یەکەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ بابەتە کۆمەڵایەتی و بابەتەکانی دیکە، توێژەر سەرنجی ئەوەی داوە کە لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت لە ئاستی تێگەیشتنی خوێندکاران بۆ چەمکەکانی نێو پەرتوکەکان بەگشتی و پەرتوکی مێژو بە تایبەتی، شیکردنەوەی چەمکە مێژووییەکان نێو پەرتوکی پۆلەکانی (10 و 11)ی ئامادەیی ڕادەی تێگەیشتنیان لای خوێندکاران یارمەتی دەستنیشانکردن و دیاریکردنی هەندێک لە ئاستەنگییەکان و فێربونی چەمکەکان. هەروەک سود دەگەیەنێت بە پلاندانان و خستنەڕوی ڕێگای شیاو بە شێوەیەکی کاریگەر، بەم شێوەیە دەکرێ کێشەی تێگەیشتنی چەمکە مێژووییەکان دیاری بکرێت کە تایبەتە بە پۆلەکانی (10 و 11)ی ئامادەیی.

## 1 – 3 گرنگی توێژینەوەکە:

پرۆگرامەکان گرنگترین ئامرازی فێرکردنن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و ڕەگەزێکی گرنگی پەروەردە و فێرکردنە، سەرچاوەیەکی بەپێزە لە سەرچاوەکانی زانیاری زانستی بەشێوەیەکی ڕێکخراو. (ماهر و اخرون، 2003: 18)

مێژو وەک ئامرازێکی پەروەردەکردن، بەشدارە لە پەروەردەکردنی نەوەی نوێدا و ئامادەیان دەکات تاوەکو ببنە هاونیشتیمانییەکی باش لەنێو ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین و ئەو ڕاستی و زانیارییانەیان دەداتێ بۆ ئەوەی بتوانن لە جیهانی دەوروبەر تێبگەن، هەروەها ئەو هێزانەی کە کاری تێدەکات (صرافة، 1959: 16). هەورەها یەکێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان کە زۆر لە ڕوداو و پێشهاتەکان و ئاستی کارلێک کردنیان لەگەڵ یەکتردا ڕوندەکاتەوە و زانینی هۆکار و ئامانجەکانیان بە بنەمایەکی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی مێژودا دادەنرێت. "وەک بابەتێکی خوێندن ڕۆڵ دەگێڕێت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ڕابردو بە لایەنە جیاوازەکانییەوە، لێکۆڵینەوەی ڕابردو بەشدار دەبێت لە تێگەیشتنی ئێستا بە شێوەیەکی باشتر، لەبەرئەوەی بونیادنانی کۆمەڵگا و ئەوانەی پێوەی پەیوەستن بنەمایەکی مێژویان هەیە." (عبدالله، 2003: 25)

پرۆسەی پەروەردەیی بە واتای هاوچەرخ، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەهاو ئامانجەکانی پشت دەبەستێت بە ڕەوشی کۆمەڵگا و پێداویستییەکانی و هەوڵدەدات نەوەیەکی هۆشیار و چاوکراوە ئامادەبکات کە بڕوای بە پەیام و ئامانجەکانی نەتەوەکەی هەبێت و هەوڵی دروستکردن و بونیادنانی تاک دەدات بە شێوەیەک کە هەمو لایەنێکی جەستەیی و هزری و ژیری و دەرونی و کۆمەڵایەتی و گیانی (ڕوحی) و ڕەوشتی تێدابێت، پێدانی بڕێکی پێویست لە زانیاری بە ئامانجی گەشەکردن بە شێوەیەکی هاوسەنگ، تاکو مرۆڤێکی چاکەکار و بەرهەمهێنی لێ دروست بێت. (زیعور،2006: 189)

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانەی باسکران، دەردەکەوێت کە پەرتوکی مێژو گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە پرۆسەی خوێندندا، هەر ئەمەش وایکردوە کە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بە داڕشتنی هەستن تاکو سەرجەم ئەو ئامانجانە بەدیبێنن کە بۆی دانراوە، وەک زانینی مێژوی نەتەوەکەی بەتایبەتی و مێژوی میللەتان بە گشتی، ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەی زانیارییە مێژوییەکان و لێکۆڵینەوەیان و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی سەرشانی تاکەکەس، چارەسەرکردنی کێشەکان، ڕێزگرتنی بەرامبەر، ڕێزگرتنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، بڕوابون بە گیانی هاوکاری و هەرەوەزی لە کارکردندا، بەپێی گشت ئەو پرەنسیپانەی باسکران، ئەوە دەخوازرێت کە پەرتوکی مێژو بە گشت ئەو قۆناغانەدا تێپەڕبێت کە هەر پەرتوکێکی دی پێیاندا تێپەڕدەبێت وەک پرۆسەکانی پلاندانان، داڕشتن، دەرهێنان، ئەزمونکردن، بەدواداچون، هەڵسەنگاندن و پەرەپێدان. کرداری بە هێزکردن ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە باشتر کردن و بەرەوپێشچونی هەردو بواری فێربون فێرکردندا لە پەروەردەی سەردەمیانە، گرنگیدانی پەروەردەکاران بە چەمکەکان و ڕۆڵە کاریگەرە چالاکەکەی لە پێکبەستنەوەی بەشە جیاجیاکانی زانیارییەکان و پۆلێنکردنیان بۆ ئاسانکاری هەردو کرداری فێربون و فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاست و ئەنجامی خوێندکاران، لەبەر ئەو هۆکارە – بەپێی زانیاری توێژەریش –، هیچ توێژینەوەیەک ئەنجام نەدراوە سەبارەت بە چەمکە مێژوییەکانی نێو پەرتوکی پۆلی (10 و 11)ی ئامادەیی و ڕادەی تێگەیشتنی لای خوێندکاران لە هەرێمی کوردستان.

## 1 – 5 ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە دو ئامانجی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتین لە:

1- دیاریکردنی چەمکە مێژوییەکانی پەرتوکی مێژوی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی.

2- دەرخستنی ڕادەی بەدەستهێنانی چەمکە مێژوییەکانی پەرتوکی مێژوی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی لای خوێندکارانی سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی چەمچەماڵ کە سەر بە پارێزگای سلێمانییە.

## 1 – 6 سنوری توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە هەر بوار و بەشێکی زانست و مەعریفەدا ئەنجام درابێت و ئەنجام بدرێت، سنورێکی دیاریکراوی هەیە و هەر بەپێی ئەو سنورەش گشتاندن بۆ ئەنجامەکانی دەکرێت و نابێت لێی تێپەڕێت. ئەو سنورەش دەبێت زۆر بە ڕونی لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێبدرێت ئیتر لە شوێن و بەشێکدا دەنوسرێتەوە و دەخرێتەڕو ئەمەیان ڕای جیاوازی لەسەرە و کێشەیەکی ئەوتۆی نییە. (بۆکانی، 2016، 54).

سنوری ئەم توێژینەوەیەش پەیوەستە بە:-

1- خوێندنگا ئامادەییەکانی سنوری پەروەردەی چەمچەماڵ.

2- بەشێک لە خوێندکارانی خوێندنگە ئامادەییەکان بۆ ساڵی خوێندنی (2022 – 2023)

3- پابەندبون بە چەمکە مێژوییەکانی (ڕوت، کاتی، شوێنی) بەشی یەکەم و دوەمی نێو پەرتوکەکانی پۆلی دەیەم و یازدەهەمی ئامادەیی – وێژەیی.

4- شیکردنەوەی چەمکە مێژوییەکان تایبەت بە بەشەکانی یەکەم و دوەمی نێو پەرتوکی پۆلەکانی(10 و 11)ی ئامادەیی – وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی (2022 – 2023) کە لە شێوەی ببلوگرافیەکدا خراوەتەڕو بەم شێوەیە:




ناوی پەرتوک: مێژوی شارستانییەکان

بۆ پـۆلی دەیەمی وێژەیـــی

دانانی:

- لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە

پێداچونەوەی زانستی:

- د. قادر محمد پشدەری
- د. عبدالحکیم ئەحمەد مامبکر
- عـمـر عـلـی شـریف

سەرپەرستی زانستی چاپ:

- عـمـر عـلـی شـریف

سەرپەرشتیاری هونەری چاپ:

- عوسـمـان پیرداود کواز
- ئـــازاد محسن أحـمـد
- ئەم پەرتوکە لە (8) بەش پێکهاتوە
- ژمارەی لاپەڕە: 221 لاپەڕە
- چـاپ/ چـــاپـی شازدەهەم 2021 ز

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک:

- ئـاری محسـن احـمـد

جێبەجێکردنی بژاری هونەری:

- ڕێڤین راغـب حســێن




ناوی پەرتوک: مێژوی نوێ

بۆ پـۆلی یازدەهەمی وێژەیـــی

دانانی:

- لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە

بژارکردن و پێداچونەوەی زانستی:

- عـمـر عـلـی شـریف
- ئاکۆ صابر عثمان

سەرپەرستی زانستی چاپ:

- عـمـر عـلـی شـریف

سەرپەرشتیاری هونەری چاپ:

- عوسـمـان پیرداود کواز
- خـالـد سـلیم محمود
- ئەم پەرتوکە لە (6) بەند پێکهاتوە
- ژمارەی لاپەڕە: 197 لاپەڕە
- چـــاپ / چـــاپی نۆزدەهەم 2021 ز

نەخشەسازی بەرگ:

- ئـاری محسن احـمـد

نەخشەسازی ناوەڕۆک:

- خـالـد سـلیم محمود

جێبەجێکردنی بژاری هونەری:

- نێرگز نورالدین کاکە مصطفی

## 1 – 7 پێناسەکان:

**1**- بەدەستهێنان: بریتییە لە مەودای زانیاری خوێندکار لەبارەی تێگەیشتنی یان تێنەگیشتنی بۆ چەمکەکە لە ماوەی سەرنجدانی بۆ کاریگەری و چالاکییەکانی مامۆستا. پاشان چارەسەرکردن و مامەڵەکردنی لەگەڵ چەمکەکە بەشێوەیەک واتابەخش بێت تا بتوانێت پەیوەستییان بکات لەگەڵ زانیارییەکانی خۆی بەرلەوەی لە یادگەی خۆیدا کۆگای بکات. (غضبان، 2014، 259)

2- ڕادەی بەدەستهێنان:

بە شێوەیەک پێناسەی دەکرێت کە کۆمەڵە شتانێک یان سیمبولن، یان ڕوداوی دیاریکراون کە پێکەوە کۆکراونەتەوە لەسەر بنەمای تایبەتمەندی هاوبەش کە دەکرێ ئاماژەیان بۆ بکرت بە ناوێک یان هێمایەکی تایبەت. (Merill, 1977: 31)

3- چەمکە مێژووییەکان:

بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی بۆ ئەو پەیوەندییانەی کە کۆمەڵە ڕوداو و ڕاستییەک یاخود شتانێکی پۆلێنکراو لەسەر بنەمای تایبەتمەندی هاوبەشی نێوانیان پێکەوە دەبەستێت. (حمیده و أخرون، 2000: 48)

4- مێژو:

مێژو لە ڕواڵەتدا زیاتر نییە لە هەواڵی ڕۆژگار و دەوڵەتان و پێشینەکان لە سەدەکانی ڕابردودا، کە وتەکان تێیدا دەڕازێنرێنەوە و پەندەکان تێیدا بەڕێوەدەبرێن، بەلام لە ناوەڕۆکیدا ڕوانین و لێکۆڵینەوە و ڕونکردنەوەی بۆ ڕوداوەکان، هەروەها زانینی چۆنێتی ڕوداو و هۆکارەکانێتی. (ابن خلدون، 2006: 2)

5- چەمک:

بریتییە لە بیرۆکەیەکی گشتی یان زاراوەیەک کە تاکەکان هاوڕان لەسەری لە دەرئەنجامی چەند ئەزمونکردنێکی جۆراوجۆر کە دەربارەی شتێکی هاوبەشی تایبەتمەندی دیاریکراوە لە نێوانیاندا. (بطرس، 2004: 21)

## پاشخانی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشتر

## 2 – 1 پاشخانی تیۆری:

تاکو ئێستاش بابەتی خوێندن و توێژینەوەی چەمکەکان ڕۆڵێکی بەرچاو و بنچینەیی دەبینێت لە گشت قۆناغە جیاوازەکانی فێرکاریدا کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گرنگی دوبارە ڕاڤەکردن و خوێندنی چەمکەکان وەک ئەوەی خوێندکار فێری چەمکەکە بێت و بتوانێت مەشقی لەسەر بکات جار لە دوای جار بە مەبەستی تێگەیشتنی بێ ئەوەی جارێکی دی پەنابباتەوە بەر فێربونی، هەروەک چۆن چەمکەکان بەشداربونە لە شیکار

و چارەسەری هەندێ لە ئاستەنگییەکانی فێربون لە کاتی دەرچونی خوێندکار لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، ئەوەی یەکەم جار دەست پێدەکات وەکو خاڵێکی خۆڕاگری گرنگ وایە لەچاو دوەمدا. کە بێگومان پاڵپشتی زانیارییەکانی پێشوتر دەکات (عقل، 2001، 48).

لەبەر گرنگی ڕاڤەکردنی چەمکەکان دەکرێ بە بۆچونی لێکۆڵەران پێناسەی شیاویان بۆ بکرێ.

هەروەک (Good) پێناسەی دەکات کە بۆچونێکە یان ڕۆڵ بینینی لایەنێکی هاوبەشە کە دەکرێ لەڕێیەوە کۆمەڵە و پۆلێنە جیاوازەکان جیابکرێنەوە، چەمکە ڕوتەکانی بەوە پێناسەکردوە کە بیرۆکەیەک یان کۆمەڵە بیرۆکەیەکە کە تاک وەریدەگرێت یان بەدەستی دێنێت وەکو لەسەر شێوەی هێما و سیمبۆڵ یان گشتگیرییەکان بۆ نوێکردنەویان. (عقل، 2001، 97)

بۆچونێکی لۆژیکیی ڕوتە واتای ناوێک یان هێمایەک دەبەخشێت تاکو ئاماژە بە دیاردەیەک یان ڕوداوێکی دیاریکراو دەکات کە نیشانەیەک یان چەند نیشانەیەک کۆیان دەکاتەوە. (اللقانی أبو سنینە، 1990)

پێناسەی (المرعي و الحيلة، 2002) بۆ وشەی چەمک بریتییە لەوەی کە وشەیەک یان چەند وشەیەکن دەردەبڕیت وەکو وێنەیەکی هزریی کە هەندێک تایبەتمەندی جیاوازی هەیە و شتانێک گشتگیر دەکەن کە سنوردار ناکرێن.

(مرعي و بلقيس، 1996) وای دەبینن کە چەمک بریتییە لە چەند کاتێکەر و ئاگادارکەرەوەیەک کە هەندێک مۆرکی هاوبەشی گرتۆتە خۆ کە سەرنج دەدەنە فێربونی چەمکەکان بەوەی کە ئامانجێکی پەروەردەیی گرنگ بن لە گشت ئاستەکانی فێربون و ڕاڤەکردندا.

(الطيطي، 2004) پێناسەی چەمک بە جۆرێک دەکات کە: بیرۆکەیەکی هزرییە بۆکۆمەڵە تایبەتمەندییەک کە دەردەبڕدرێن لە ڕێگەی وشەیەک، زاراوەیەک یان هێمایەک، بۆیە پێناسەکردنی بە وشەیەک، هێمایەک یان زاراوەیەک بەکاردێت بۆ ناسینەوەی زارەکی چەمک.

بە هەمان شێوە (بانکس، Banks,et.Al 1977) پێناسەی چەمک دەکات بەوەی کە وشەیەکی ڕوتە (سادە)یە یان نیمچەڕستەیەکە (گرێ، چەند وشەیەکی کەم) چەند شتێک یان چەند بیرۆکەیەک ڕێکدەخات و پۆلێنیان دەکات.

(مەکسیم،Maxim, 1995) وای دەبینێت کە چەمکەکان بەکاردێن بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان تاکو واتادار دەبن.

## 2 – 1 – 1 دەروازەی بیردۆزی بۆ چەمکەکان:

بەمەبەستی تازەگەری لە چەمکە مێژوییەکاندا مەحاڵە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم گرنگترینی ئەو بیردۆزانەدا دروستنەبێت کە چەمکەکانیان تێدایە بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە بەمەبەستی ڕونکردنەوەی ڕۆڵەکانیان لە بواری فێرکردندا. تازەگەریش لە ڕێگای سێ بیردۆزەوە ئەنجام دەدرێت لە بواری توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی و مێژو بە شێوەیەکی تایبەت.

### 1- بیردۆزی جان پیاجیە

بیردۆزی (جان پیاجیە) بە پوختی باس لەوە دەکات کاتێک فێرخواز هەڵوێستێکی نوێ ڕو بەڕوی دەبێتەوە، زانیارییەکانی نێو ئەم هەڵوێستە بیروهزری دەجولێنێت و هاوسەنگی لە دەست دەدات بە شێوەیەکی کاتی و ئارەزوی وەرگرتنی زانیاری نوێ ناکات، کاتێکیش تواناکانی وەرگرتنی ئەم زانیاریە بۆ فێرخواز دەگەڕێتەوە دوبارە باری هاوسەنگی بۆ دەگەڕێتەوە. بەم شێوەیە (پیاجیە) داوای بەشداری کردنی خوێندکار دەکات لە بیرکردنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەخو، چونکە ئەوە تاکە ڕێگایە بۆ ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی بیروهزری تاک. ئەو وای دەبینێت کە بیرکردنەوەی مرۆڤ بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت وە شارەزایانی بواری هەستەوەرەکان بە کلیلەکانی لێکدانەوە و بیرکردنەوەی مروڤ دادەنرێن، لە دەستدانی هاوسەنگیش بە مەرجێکی بنچینەیی دادەنرێت لە مەرجەکانی فێربون. مێژونوسیش لەم بیردۆزە سودمەند دەبێت کاتێک ڕوبەڕوی گرفتێکی مێژویی دەبێتەوە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی ڕاستییەکان و دڵنیابونەوە لە دروستی ڕودانیان هێنانەوەی بەڵگە بۆیان هەڵسەنگاندنیان بە ڕەخنە و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان و لە خاڵی هاوشێوە و جیاوازدا. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ هاوشێوەکان پۆلێک یان کۆمەڵێک بن و پیانبوترێت (چەمک). (ابراهیم، 1994)

### 2- بیردۆزی برونەر

بە بۆچونی (برونەر) کە لە (الطیطي، 2004) دا هاتوە، هەر تاکێک وزەیەکی فێربونی تایبەت بەخۆی هەیە، کە سودی لێدەبینرێت لە ڕێگای تێکەڵ بونی تاک لەگەڵ ژینگە، کە دەبێتە هۆی گەشەکردن و فراوان بونی بیرکردنەوەی کە لە سێ ڕێچکەی ورد پێکدێن کە بریتین لە:

أ- ڕیچکەی وەسفی پەیوەست بە هەستەوەرەکان کە تێیدا تاک مامەڵە لەگەڵ شتەکان و ڕەوشەکان دەکات ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەستەوە، ئەم ڕێچکەیەش زیاتر لە نێو منداڵاندا بەربڵاوە.

ب- ڕێچکەی لێکدانەوەیی، کە پشت دەبەستێت بە مامەڵەکردنی تاک لەگەڵ بارودۆخەکان لە ڕێگای پێکهێنانی وێنە هزرییەکان بۆ ئەو بارودۆخ و ڕوداوانە.

ج- ڕێچکەی هێمایی، کە تێیدا تاک مامەڵە لەگەڵ ڕەوش و ڕوداوەکان دەکات لە ڕێگای هێما زمانەوانییەکانەوە، برونەر وای دەبینێت کە ئەم ڕێچکانە بە درێژایی ژیان بەردەوام دەبن، تاکو زمان لە فراوان بون و گەشەدا بێت ئەوەندە تاک دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ڕێگای هێماکاندا بکات، هەروەک تاک دەتوانێت هەوڵی ڕوبەڕوبونەوەی هەر بارودۆخێک بدات.

(ابراهیم، 1994، 76) وای دەبینێت کە ئەم بیردۆزە بەسودە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژو کاتێک ڕێژەی ڕێچکەکانی (لێکدانەوەیی و هێمایی) وا لە تاک دەکەن توانای دۆزینەوەی پەیوەندی هەبێت لە نێوان ڕوادوەکان و ڕەوشەکان و ڕێکخستنیان بە شێوەی هەرەمی. (لە بنکەوە بۆ لوتکە)

## 3- بیردۆزی جانییە

هەروەک لە (ابراهیم، 1994)دا هاتوە، (جانییە) وای لێکدەداتەوە کە بەدەستهێنانی چەمک دەوەستێتە سەر ئەو زانیارییانەی کە تاک لە ڕابردودا هەیبوە و پەیوەستن بەو چەمکە نوێیەی کە دەیەوێت فێری ببێت.

چەمکی (شۆڕش) ناکرێت بەدەست بهێنرێت مەگەر لای تاک جۆرێک لە بێزاری یان یاخیبون هەبێت، بەڵکو پێویستی بە زانیاری گشتی هەیە وەکو بارودۆخی ڕامیاری و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگای پێدا تێپەڕ دەبێت، بۆ زیاتر پارێزگاری کردنیش لە چەمکەکان (جانییە) پێی وایە کە خستنەڕوی ژمارەیەک لە پەند و پەیامی دەستبەجێ کە ئاشنا بن لای خوێندکاران دواتر ئەو پەندانەیان بەدوا دادێن کە نەناسراو و نامۆن.

بناغەی زانیاری بە پلەی یەکەم نایەت لە ڕوی ئاڵۆزی و سادەیی و گرانییەوە، گەر فێرخواز بیەوێت هەر فێری هەر زانیارییەک بێت ناتوانێت بە یەک جار، هەر دەبێت هەنگاو بە هەنگاو فێربێت بە پێی ڕێسایەکی پلەبەندی ڕێک و پێک. ئەو کارەش کە نیشانەی ئەوەیە کەرەستەی زانیارییەکان بەشە جیاوازەکان بە ئاسان و گرانەکانەوە، بە ڕون و ئاڵۆزەوە، بەشە ئاسانەکان هەمان ئەو بەشانەن کە یارمەتی دروست بونی بەشە تێکەڵ و ئاڵۆزەکان دەدەن. دەکرێ (جانییە) ئەم بیرۆکەیە ڕون بکاتەوە لە کاتێکدا دەڵێت: ڕێکخستنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی هەڕەمی (پلەبەندی) و لە ژێر سایەی ئەم پێکهاتە هەڕەمییە ناتوانرێت ئاستە بەرزەکان وەربگیرێن بەبێ پشت بەستن بە ئاستە نزمەکان، شێوەی هەڕەمی تایبەت بە زانیارییەکان بنیاتنراوە تاکو گشت ئاستە داواکراوەکان بەرزتربینەوە (فطيم و أبو العزايم، 1988، 23).

لەم لێکدانەوەیەشەوە سەبارەت بە چەمکەکان بە لای (جانییە)وە ئەوە ڕون دەکاتەوە کە فێربون لەلایەن تاکەوە لە ڕێگای توانای ڕێکخراوی هەڕەمییەوە دەبێت، ئەمەش بە پلەبەندی یەک لەسەر یەک هەڵچنراون، وە هەنگاوبەهەنگاو لە ئاسان و سادە و تایبەتەوە بەرەو قورستر و ئاڵۆتر و گشتگیرتر هەڵدەکشێن.

## 4- بیردۆزی ئۆزۆبێل

ئۆزۆبێل وای دەبینێت کە هەمو تاکێک کۆمەڵە چەمکێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە تەواو جیاوازە لەگەڵ چەمکەکانی هەر تاکێکی دیکە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاک بناغەی زانستی لە هەندێک ئەزمونی ڕابردوی پەیوەست بە یەکترەوە پەیداکردوە، کە مەحاڵە هەمان شت بێت لەگەڵ ئەزمونی کەسانی دیکە، یاخود دەکرێ بڵێین کە هەر تاکێک بناغەی زانستی تایبەت بەخودی خۆی هەیە کە لە دەوروبەرەکەی جیادەکاتەوە، لە پاڵ ئەو جیاوازییەی لە واتاکاریدا هەیە کە چەمک دەبێتە هۆکاری دەرخستنی ئەو جیاوازی پێشینە و ئەزمونەکانی پێشوتر، ئەمەش بەپێی ئەو جیاوازییە دەگۆڕێت کە کاردانەوە لۆژیکییەکانی تاک دروستیان دەکەن و ئاستی فێربون و گەشەکردنیان (Omara, 1967).

## 2 – 1 – 2 چەمکە مێژوییەکان:

چەمکە مێژوییەکان بە بیروبۆچونی هزری تایبەت بە سروشتێکی گۆڕدراو پێناسە دەکرێت کە هەڵدەستێت بە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان شتەکان و ڕاستییەکان لەگەڵ ڕوداو و بارودۆخەکان و پۆلێنیان دەکات لەسەر بنەمای ڕێکخستنێکی هاوشێوە لە نێوانیاندا وە لە شێوەیەکی زارەکیدا دایدەڕێژێت. (القانی، محمد، رضوان، 1987، 37)

چەمکە مێژوییەکان بە چەند تایبەتمەندییەک جیادەکرێنەوە کە بریتین لە (ئەحمەد، 2008)

1- گونجاوە بۆ گەشەسەندنی یەک لە دوای یەکی ئەزمونی تاکەکان و ئەو شتانەی دەبنە هۆکاری ڕودانیان.

2- دەکرێ سادە بن یان ئاڵۆز بە گوێرەی واتاکانیان لە پەیوەندی نێوان بەشەکانی وەکو چەمکی حکومەت و سیستمی حوکمڕانی.

3- لە سادەوە بەرەو ئاڵۆزی گەشەدەسەنێت و لە هەستپێکراوەوە بەرەو ڕوت.

4- گشتگیرترن بە شێوەیەک هەڵدەستن بە دیاریکردنی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵە شتێک یان کۆمەڵێک بارو دۆخ و ڕاستییە مێژوییەکان.

5- دەبێتە هۆکاری دوبارە ڕێکخستنەوەی ئەزمونە کۆنەکان یان پەیوەندی بەستن لە نێوانیان بە ڕێگای نوێ.

(اقصیمە، 2000) ڕونی دەکاتەوە کە چەمکە مێژوییەکان چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە:

1- چەمک بریتینییە لە گێڕانەوە یان ڕوداوێکی مێژویی، بەڵکو هەواڵ و ڕوادی مێژویی گەورە لە خۆدەگرێت.

2- چەمکی مێژویی دەکرێت ناوێکی هەستپێکراو بێت و کەمتر ڕوت بێت وەکو چەمکی جێنشین، کە دەکرێ ناوی واتادر بێت و زیاتر ڕوت بێت وەکو چەمکەکانی دیموکراسی و دادپەروەری.

3- دەکرێت چەمکی مێژویی پەیوەندیدار بێت بە یاسای لکێندراو یاخو بە یاسای لێکجودایی.

4- ئەگەری هەیە چەمکەکان وەسفی بن وەکو چەمکی دیکتاتۆری یان دەکرێ بەهادار بن وەکو چەمکەکانی کۆیلایەتی و ئازادی.

5- هەمیشە چەمکە مێژوییەکان لە گۆڕانکاریدان بە شێوەیەک گەشەدەکەن، فراوان دەبن زیاددەکەن بە گوێرەی ئەزمونی ڕوداوی مێژویی خێرا.

## 2 – 1 – 2 پێکهاتەی چەمکەکان:

چەمکەکان ڕۆڵی بەرچاو و سەرەکی دەگێڕن لە گشت بوارەکان و ناوەڕۆکەکانیان بناغەی سەرەکین کە زانیاری فێربونیان لەسەر بنیات دەنرێ لە گشت بوارێکدا. بۆیە دارشتنی چەمکەکان بە یەکێک لە پرۆسە سەرەکییەکان هەژمار دەکرێت کە پرۆسەی بیرکردنەوە و هزرکردنی لەسەر دروست دەکرێت. وەکو پرۆسەکانی بیروباوەڕ، چارەسەرکردنی کێشەکان و بڕیاردان لەسەریان. (Marazano، 1988، 34)

دارشتنی چەمکەکان بە ئاست بەرزی و ئاست نزمییەوە لە ڕێگەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شتەکاندا یاخود لە ڕێگەی ئاوێتەبونی لەگەڵ شارستانێتی مرۆیی. گەر تاک بتوانێت چەمک بەدەست بێنێت لە ڕێگەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ تەنها لەگەڵ شتەکان. توشی ئاستەنگی دەبێتەوە لە کارلێککردن لەگەڵیدا بەشێوەیەکی پیشەگەرییانە. ئەگەر تەنها لە ڕێگەی ئاوێتەبونی شارستانی مرۆییەوە بەدەستی بێنێت، ئەوا توشی ئاستەنگی دەبێتەوە لە بەکارهێنانیدا لە وێستگەی ژیانی پیشەیی بەهۆی کەم ئەزمونییەوە. (Weinland, 1984)

(میخایل Mechaelid 1976) کە لە (الطیطي 1983) هاتوە دەڵێت چەمکەکان بە پێکهاتەی بنەڕەتی دادەنرێن لە بیرکردنەوەی توێژینەوە کۆمەلایەتییەکان، فیلم و وێنە و نمونە دەکرێ چەند جۆرێک لە ئەزمونی هەستیی ڕاستەوخۆی جۆراو جۆراو پێشکەش بکەن کە دەبنە چەمکی خاوەن مانا. کە لە ڕێگەی خوێندنەوە و بەکارهێنانی نەخشەوە و گفتوگۆ و ئاخاوتنی تاکەکەسییەوە دەکرێ قوڵ ببنەوە لە بیرکردنەوە و دەستبەرداربونی چەمکە کۆنەکان و دۆزینەوەی چەمکی نوێتر لێیانەوە. دروست کردنی چەمک و فێربونی لە ڕادەیەکی دیاریکراو ناوەستێت بەڵکو گەشە دەکات و تادێ قوڵ و فراوان دەبێتەوە هەروەک چۆن خوێندکار گەورە دەبێت و فێربون ئەزمونیان زۆر دەبێت.

## 2 – 1 – 3 گرنگی فێربونی چەمکەکان:

فێربونی چەمکەکان پێگەیەکی گرنگی هەیە لە بەدەستهێنانی زانیاری و ئەزمونە جۆراوجۆرەکان. هەندێک لە توێژەران ئەوە ڕون دەکەنەوە کە گرنگی فێربونی چەمکەکان لەوەدایە کە خەڵکی لە ئاخاوتن و پەیوەندییەکانی نێوانیان تێناگەن بە شێوەیەک پێویستیان بە ڕونکردنەوەی چەمکەکان بێت تاکو جێگەی ئاخاوتن و گفتوگۆ بگرێتەوە، دەکرێ چەمکەکان گرنگییەکەیان لە دەست بدەن لە ئەگەری هاوبەشی کردنی خەڵک لە چەمکە هاوشێوەکان کە تێیدا بتوانن زانیارییەکانی نێوانیان زۆر بە ئاسانی ئاڵوگۆڕ بکەن بەبێ ئەوەی هیچ پێویستیان بە ڕونکردنەوە بێت، بە مەرجێک بەشداری کردنی خەڵکی لە چەمکەکان وەکو یەک بێت و زانراو بێت لە لای هەموان ئەو بابەتانەی کە مەحاڵە فێربونیان پێویستییەکی خوازراو بێت. (Martorella, 1991)

## توێژینەوەکانی پێشو:

لەم گۆشەیەدا، گرنگترین ئەو توێژینەوانەی پێشو کە لەم توێژینەوەیەوە نزیکن بەمەبەستی دەرخستنی و شیکردنەوەی لایەنی هاوبەش و لێکچو وجیاواز لە نێوانیاندا و ئاست و ڕادەی سودبینین لێیانەوە خراوەتەڕو، بە شێوەیەک کە لە نوێترینەوە بۆ کۆنترین ڕێکخراوە. توێژەر هەستاوە بە جیاکردنەوەی توێژینەوەکان بە زمانی عەرەبی و توێژینەوە بیانییەکان بۆ دەوڵەمەندترکرنی توێژینەوەکە لە لایەک و سودگەیاندن بەو توێژەرانەی دوای خۆی توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجام دەدەن لە لایەکی دیکە.

### یەکەم: توێژینەوەکان بە زمانی عەرەبی:

1- (عبيدات) لە ساڵی (2005) توێژینەوەیەکی ئەنجامدا بەمەبەستی زانینی چەمکە مێژوییەکانی شوێن لە پەرتوکی مێژوی ئوردنی هاوچەرخ، تایبەت بە مامۆستایان و ڕادەی بەدەستهێنانی ئەو چەمکانە لای خوێندکاران، دواجار توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشت: ڕێژەی ئاستی زانینی مامۆستایان گەیشتە (82%)، ئەم ڕێژەیەش بەرزترە لە چاو ئاستی پەسەند بە شێوەیەکی پەروەردەیی کە (80%)یە. ڕێژەی ڕادەی تێگەیشتنی چەمکەکان لای خوێندکاران گەیشتە (75%) کە ئەمەش بەرزترە لەچاو ڕێژەی پەروەردەیی کە ڕێژەکەی (70%)یە.

2- لە ساڵی (2004)، (ظاهر) هەستا بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک کە ئامانجی زانینی ڕادەی بەدەستهێنانی چەمکە مێژوییەکان بو لای خوێندکاران تایبەت بە پەرتوکی مێژوی نوێ و هاوچەرخی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە وڵاتی یەمەن، دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراپی ئاستی بەدەستهێنانی بابەتی چەمکە مێژوییەکان لای خوێندکارانی کوڕان و کچان نیشان دەدات، بە شێوەیەک کە ڕێژەی گشتی توێژینەوەکە بۆ بەدەستهێنانی چەمکە مێژوییەکان تەنها (49%)، کە ئەمەش بە ڕێژەیەکی لاواز هەڵدەسەنگێندرێت.

هەروەک ئەنجامی بەدەستهێنانی چەمکەکان لای خوێندکاران دەریخستوە کە لە (54%) بوە بە ئاستی پەسەند. ڕێژەی ئاستی تێگەیشتنی چەمکەکان گەیشتە (50%) ئەویش هەر بە ئاستی پەسەند. ڕێژەی ئاستی جێبەجێ کردنی کرداری (44%)، ئەویش بە ئاستی لاواز هەڵدەسەنگێندرێت.

## دوەم: توێژینەوە بیانییەکان:

1- (Janmat, 2005) هەستا بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک کە ئامانجەکەی زانینی چەمکە مێژوییەکان بو لە پەرتوکی مێژوی ئۆکرانیا پاش سەردەمی سۆڤیەت – ئۆکرانیا، توێژینەوەکە ئەوەی خستۆتەڕو کە خوێندکاران نزیکن لە زانینی مێژوی وڵاتەکیان (ئۆکرانیا) لە تەمەنی دە ساڵییەوە. واتە لە پۆلی پێنجەمەوە، پەرتوکە شارستانییەکان بە شێوەیەکی ڕون پەسەندکراون بۆ ڕۆشنبیرکردنی نەتەوەیی و تێگەیشتنی گەل، پەرتوکی مێژوی پۆلی نۆیەم زۆر بوێرانە و بەڕونی باسی ڕۆشنبیری نەتەوە و تێگەیشتنی گەلەکەیان دەکات. هەروەها توێژینەوەکە دەریدەخات کە پەرتوکەکانی تایبەت بە خوێندنگا بە بەردەوامی باسی گەلی ئۆکرانیا ناکات وەک ئەوەی کە وڵاتێک یان کۆمەڵگایەکی کاتی بێت.

2-(Barton and Levstik, 1994) هەستان بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بۆ دەرخستنی ڕادەی بەدەستهێنانی چەمکی کاتی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی، سامپڵی توێژینەوەکە (58) خوێندکاری کوڕ و کچی گرتبوەخۆ هەر لە باخچەکانی ساوایانەوە تاکو پۆلی شەشەمی بنەڕەتی. بەجۆرێک داوای ڕێکخستنی کۆمەڵێک وێنەی لە خوێندکاران کرا کە دەگەڕانەوە بۆ مێژوی وڵاتی ئەمریکا بەگوێرەی ڕیکخستنی کاتەکەی. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەوەی دەرخست کە منداڵە بچکۆلەکان توانای جیاکردنەوەی ڕوداوە جیاوازەکانیان هەیە. تواناکانیان بەهێزتریش دەبێت لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیان، لەگەڵ ئەوەشدا مێژو واتایەکی مەزنی نابێت تاکو پۆلی سێیەم، سەرەڕای ئەوەی منداڵان لە پۆلی سێیەم و چوارەم لە بنەمای ژمارەیی مێژو تێدەگەن بەڵام ناتوانن بەروارەکان ببەستنەوە بە ڕوداوە مێژوییەکانەوە تاکو دەگەنە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی.

## بۆچونەکان سەبارەت بە توێژینەوەکانی پێشو:

لەڕیگەی خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشو تێبینی دەکەین کە توێژینەوەکانی پێشو کە سەبارەت بە شیکردنەوەی پەرتوکی خوێندنی کۆمەڵایەتی هیچ کامیان بابەتی چەمکە مێژوییە ڕوت و کاتی و شوێنییە کۆکراوەکانی پەرتوکەکەیان نەپێکاوە. زۆربەی توێژینەوە شیکارییەکان بۆ پەرتوکی خوێندنی کۆمەڵایەتی دەربارەی ڕادەی بونی چەمکەکانی دیکە جگە لە چەمکە مێژوییە ڕوت و کاتی و شوێنییەکان، وەکو چەمکەکانی گەشەسەندنی ڕامیاری و وچەمکەکانی مافی منداڵان و چەمکە ئابوری و جوگرافییەکان، لەگەڵ چەمکە ڕامیارییەکان، چەمکەکانی پشتبەستنە ئاڵوگۆڕییەکان وەکو گرنگی دان بە شیکردنەوەی ناوەڕۆک و

بەهێزکردنییەتی بە شێوەیەکی گشتی لە ڕوی ئاستەکانی پرسیار و چالاکییەکان، ئامانجەکانی ئەمەش لە توێژینەوەکانەوە دەرکەوتن. (رسلان، 2001) و (عبابنە، 1998) و (Hass, 1991)

لە کاتێکدا توێژینەوەکانی پێشو ئەنجامدراون سەبارەت بە شیکردنەوەی پەرتوکەکانی بابەتی مێژو هیچ کام لە چەمکە مێژوییەکانی ڕوت و کاتی و شوێنی باسنەکردوە بەڵکو تیشکی خستۆتە سەر شیکردنەوەی بابەتی دیاریکراو وەکو چەمکی مێژویی کاتی بەتەنها. دەرخستنی ناوەڕۆکی پەرتوک و زانینی گۆڕانکارییەکان کە خراونەتە نێو پەرتوکەکەوە لە ماوەی جیاوازدا. لەوانەش (Siler، 1985)، (رسلان، 2001)، (یحیی، 1989)

## بەشی سێیەم

## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە وەسفکردنی میتۆدی توێژینەوەکە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە و نمونەی توێژینەوەکە دەگرێتەخۆ لەگەڵ هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژنەوەکە و دڵنیابونەوە لە ڕاستی و جێگیری هەریەکە لە کاری توێژینەوەکە.

### 3 – 1 میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک کە بۆ پەرتوکی مێژوی پۆلی دەیەم و یازدەهەمی ویژەیی بۆ بەشەکانی یەکەم و دوەمی پەرتوکوکە ئەنجامدراوە.

میتۆدی توێژینەوە: ڕێگایەکە کە توێژەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و پاشان پۆلێن کردنیان و شیکردنەوەیان، سودلێوەرگرتنی لە توێژینەوەی زانستیدا دەگرێتەبەر. (حسن، 1999، 59)

دیارترین پێناسەش بۆ شیکاری ناوەڕۆک پێناسەکەی (بێرنارد بێرلیسۆن، Bernand Berelson) کە دەڵێت: شێوازێکی توێژینەوەیە بە مەبەستی وەسفکردنی (ڕێکخراو، چەندێتی و بابەتی)ی ناوەڕۆکی ئاشکرای پرۆسەی گەیاندن. واتا ڕێگایەکی بابەتی و چەندێتییە بە ئامانجی پێوانەکردنی هەندێک گۆڕاو و شیکاری پەیامی پەیوەندیی (زارەکی، نوسراو) بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو. (بۆکانی، 2016، 94)

### 3 – 2 کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە هەمو تاکەکان و شتەکانی کە دەبنە بابەتی توێژینەوەکە، سامپڵی توێژینەوەکەش دیاری دەکرێت یان بە مەبەست یان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی. (السماک، 1986. 20)، و سەرجەم ئەو تاکانەن (مرۆڤ، دامەزراوە، بەرنامەی تەلەفزیۆنی.....تاد) کە لە خەسڵەتێکی تێبینیکراودا

هاوبەشن لە توێژینەوەی زانستیدا، تاکە پێوەرێک بۆ کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە بونی خەسڵەتێکی هاوبەش لە نێوان تاکەکانیدا کە شایەنی تێبینی کردن بێت. (بۆکانی،2016، 124)

هەروەها بریتییە لە کۆی ئەو یەکە و ڕەگەزانەی دیاردەیەک، کە توێژەر توێژینەوە لە بارەیەوە ئەنجام دەدات، ئەو یەکە و ڕەگەزی توێژینەوەیە دەگونجێت (تاک، خێزان، قوتابخانە، کارگە، دامەزراوە) بێت. (سبري و أخرون، 2001، 15)

سنوری بابەتی توێژینەوەکە پێکدێت لە:

1- پەرتوکی مێژوی پۆلی 10 و 11ی ئامادەیی – وێژەیی بۆ بەشی یەکەم و دوەمی پەرتوکوکە. بۆ ساڵی خوێندنی 2022 – 2023.

2- توێژەر هەستا بە سەردانیکردنێکی مەیدانی بۆ ناوەندەکانی خوێندنی سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی چەمچەماڵ بە مەبەستی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی خوێندکارانی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی.

کە خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی سنوری پەروەردەی چەمچەماڵ پێکهاتبو لە (621) خوێندکاری کوڕ وە (399) خوێندکاری کچ، بە شێوەیەکی گشتی خوێندکارانی هەردو ڕەگەزی پۆلی دەیەمی وێژەیی پێکهاتبو لە (1020) خوێندکار کە دابەشی سەر (17) خوێندنگای سنورەکە بون. بەڵام خوێندکارانی پۆلی یازدەهەمی وێژەیی سنوری پەروەردەی چەمچەماڵ پێکهاتبو لە (288) خوێندکاری کوڕ وە (271) خوێندکاری کچ، بە شێوەیەکی گشتی خوێندکارانی هەردو ڕەگەزی پۆلی دەیەمی وێژەیی پێکهاتبو لە (559) خوێندکار کە دابەشی سەر (20) خوێندنگای سنورەکە بون. بەم شێوەیە کۆی گشتی خوێندکارانی پۆلی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی تایبەت بە خوێندنگا حکومییەکانی سەر بە بەڕیوەبەرێتی پەروەردەی چەمچەماڵ، کە ژمارەی خوێندکارانی سنورەکە دەگاتە(1579) خوێندکار تێیدا (909) خوێندکاری کوڕ و (670) خوێندکاری کچ دەگرێتە خۆ.

## 3 – 2 **نمونەی توێژینەوەکە:**

بریتییە لە بەشێک لەو کۆمەڵگەیەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات. (بۆکانی. 2016، 126) یان بریتییە لە پێکهاتەیەکی توێژینەوە، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کۆمەڵگای توێژینەوە بنوێنێت، بۆیە دەبێت لە هەڵبژاردنیدا پەیڕەوی چەند یاسایەکی دیاریکراو بکرێت و بتوانرێت ئەنجامەکانی گشتاندنی بکرێت بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەدا. (دیاب، 2003، 89)

بە لەبەرچاوگرتنی خەسڵەتە تایبەتییەکانی کۆمەڵگەی توێینەوەکە، توێژەر بەپێی دابەشبونی جوگرافی ڕەچاوی وەرگرتنی ڕێژەی خوێندکارانی خوێندنگا ئامادەییەکانی سنورەکەی کردوە، ژمارەی خوێندکارانی

سنورەکە دەگاتە (1579) خوێندکار تێیدا (909) خوێندکاری کوڕ و (670) خوێندکاری کچ دەگرێتە خۆ. نمونەی خوێندکارانی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (428) خوێندکاری کوڕ و کچ، کە (246) خوێندکاری کوڕ و (182) خوێندکاری کچ لەخۆدەگرێت.

## 3 – 4 ڕاستگۆیی ئامرازی توێژینەوەکە:

مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامرازەکە لە ڕوکەش و ڕواڵەتدا، تا چەند دیاردەکە ئەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستەش بڕگە و پرسیارەکان نیشانی چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکە ئەدرێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەک بە یەکەی بە (باش و خراپ و هەموارکردن) دەرببڕن. (بۆکانی، 2016، 174)

بۆ جەختکردنەوە لە ڕاستگۆیی ئامرازی شیکردنەوە خرایە بەردەستی کۆمەڵێک لە پسپۆڕان کە هەڵگری بڕوانامەی جیاوازن لە بواری پەروەردەیی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە کە ژمارەیان (17) بون، کە(4)یان پڕۆفیسۆرن و (5)یان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران و وانەدەڵێنەوە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، (6)یان هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن (2)یان سەرپەرشتیارن لە وەزارەتی پەروەردە. داوا لە بەڕێزیان کرا بە شێوەیەکی ڕون ڕای خۆیان دەربارەی شیاوی و نەشیاوی گونجاوی لەگەڵ بوارەکدا بخەنەڕو. هاوکات سەرپشک بون لە لابردنی هەر چەمکێکی نەشیاو و زیادکردنی هەر ڕێکخستنێک لە خشتەی تایبەت بە تێبینییەکان. پسپۆڕان داوای دوبارە ڕێکخستنەوەی چەمکە مێژووییەکانیان کرد، لە کۆی (120) چەمک هیچ چەمکێک بە نەشیاو هەژمار نەکرا، بەڵام تێبینییان هەبو دەربارەی (15) چەمک. بۆیە توێژەر هیچ کام لە چەمکەکانی لانەبرد. دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان، بە پێی بۆچونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە کە ڕێژەی ڕێکەوتن لەسەر مانەویان 80،69 %، چونکە لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە کراوە کاتێک ڕێژەی کۆدەنگی پسپۆڕان (75%) زیاتر بێت ئەوا لەلایەنی ڕاستی ڕواڵەتییەوە (صدق الظاهری) پەسەند دەکرێت. (الزبعی، 1981، 44)

## 3 – 5 ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە:

ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە دوپاتکراوەتەوە پاش دوبارە ڕێکخستنەوەی پێوەرەکە بە شێوەیەکی سەرەتایی لە ڕێگەی خستنەڕوییەوە بۆ کۆمەڵێک لە پسپۆڕان کە ژمارەیان (11) پسپۆڕ بون، کە (2)یان پڕۆفیسۆرن و (2)یان هەڵگری بڕوانامەی دوکتۆرایە و (7)یان هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن. داواش لە بەڕێز پسپۆڕان کراوە بە دیاریکردنی نمرەی ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکە. وردی و شیاوی لە داڕشتنی زمانەوانی و ڕونی بڕگەکان و ڕادەی گونجاوی بڕگەکان بۆ ئامانجەکە لە ڕوی بوار و ئاستی دیاریکردنی ڕادەی پەسەندی بە شێوەیەکی پەروەردەیی بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان، ئەمەش ڕەزامەندی هەر(11)

پسپۆڕەکەی بەدەستهێنا دەربارەی ئەم بڕگانە کە ئەمەش بەڵگەیە بۆ ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە دوای لابردنی (60) بڕگەیە، زۆربەی پسپۆڕان هاوڕا بون لەسەر ئەوەی کە ئەو چەمکانە نەشیاون و دوبارە بەشێک لە بڕگەکان داڕێژرانەوە، بەمەش ڕا و بۆچون و پێشنیارەکانی پسپۆڕان وەرگیرا، ڕێکخستنی پێویستیش ئەنجامدرا کە تاقیکردنەوەکە لە شێوەی کۆتاییدا خۆی دەبینێتەوە لە(60) بڕگە. وەڵامی ڕاستیش بۆ هەر بڕگەیەک ئامادەکراوە بە دو نیشانە و وەڵامی هەڵەش بە سفر. ئاستی پەسەندیش دەرکراوە بە شێوەیەکی پەروەردەیی، لە ڕێگەی هەژمارکردنی مامناوەندەوە لەلایەن پسپۆڕانەوە بە ڕێژەیەک کە دەکاتە 95،61%.

## 3 – 6 ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

بۆئەنجامدانی توێژینەوەکە دو ئامرازی سەرەکی بەکارهێنراوە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامرازەکانی توێژینەوەکە، کە بریتین لە:

3 – 6 – 1 **ئامرازی یەکەم:** ئامرازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، بۆ جێبەجێکردنی ئامرازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک ئەم هەنگاوانەی خوارەوە نراون:

1- دیاریکردنی ئامانج لە کاتی شیکردنەوەدا، ئەویش بەناسینەوەی چەمکە مێژوییەکانی بەشی یەکەم و دوەمی نێو پەرتوکی مێژوی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی.

2- هەڵبژاردنی وشەیەک وەکو یەکەیەکی گونجاو بۆشیکردنەوە لە نێو یەکە جۆراوجۆرەکانی شیکردنەوەدا.

3- دیاریکردنی بەشەکانی شیکردنەوە کە ئەویش بەشەکانی چەمکەکەیە کە توێژەر ئامادەی کردوە

ئەویش چەمکە مێژوییە ڕوتەکان و کاتییەکان و شوێنییەکان لەخۆدەگرێت.

4- دڵنیابونەوە و جەخت کردنەوە لە جێگیری و ڕاستگۆیی ئامرازی شیکردنەوەکە.

5- توێژەر هەستاوە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتوکی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی. لە کۆتایی هەمو بەشێک پرسیارەکان دیاری کراون، چەمکە مێژوییەکان پۆلێن کراون بە گوێرەی چەمکە ڕوتەکان، کاتەکان و شوێنییەکان. کە ئامرازی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەتایی پێکدێت لە (120) چەمکی مێژویی.

3 – 6 – 2 **ئامرازی دوەم:** پێوانەکردنی ڕادەی بەدەست هێنانی چەمکە مێژوییەکان لای خوێندکارانی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی.

پاش ڕێکخستنەوەی چەمکەکان لە شێوەی پرسیاردا کە ژمارەیان دەگەیشتنە (60) پرسیار بۆ پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی لە بەشی یەکەم و دوەمی پەرتوکەکە و نیشاندانیان بە (11) کەسی پسپۆڕ و شارەزا و بە دەستهێنانی ڕەزامەندی بەڕێزیان، دو هەفتە پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی لە شێوەی هەڵبژاردن بۆ ماوەی (40) خولەک، کە بریتیبون

لە (30) پرسیار بۆ پۆلی دەیەم لە خوێندنگای ئامادەیی زاگرۆسی ویژەیی بۆ (30) خوێندکار کە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە بە هاوکۆڵکەی کرۆنباخ ئەلفا بریتیبو (751.،)، هاوکات هەمان تاقیکردنەوە لە ڕێگای (30) پرسیارەوە بۆ (30) خوێندکاری پۆلی یازدەهەمی وێژەیی لە خوێندنگای ئامادەیی ئارژین ئەنجامدرا بۆ ئەنجامەکەی (748.،) بو بەپێی هاوکۆڵکەی کرۆنباخ ئەلفا.

## 3 – 8 جێگیری ئامرازەکە:

جەخت لە جێگیری ئامرازی شیکردنەوەکە کراوەتەوە بەم ڕێگایانە:

1- پێداچونەوەی توێژینەوەکانی پێشو لەگەڵ ئەو پەرتوک و سەرچاوانەی پەیوەستن بە بابەتی چەمکەکان بە شێوەیەکی گشتی و چەمکە مێژوییەکان بە شێوەیەکی تایبەت و سودوەرگرتن لێیان.

2- چەمکە مێژوییەکان دابەشی سەر سێ بەش کراون کە بریتین لە: چەمکی مێژویی ڕوت، چەمکی مێژویی کات لەگەڵ چەمکی مێژویی شوێن. توێژەریش پشتی بەم بەشانە بەستوە بۆ شیکردنەوە.

3- توێژەر هەستاوە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتوکی پۆلەکانی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی، لە کۆتایی هەمو بەشێک پرسیارەکان دیاریکراون، وە چەمکە مێژوییەکان پۆلێن کراون بەگوێرەی چەمکە ڕوتەکان و کاتەکان و شوێنەکان. کە ئامرازی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەتایی پێکدێت لە (120) چەمکی مێژویی.

## 3 – 9 جێگیری تاقیکردنەوەکە:

مەبەست لە جێگیری فۆڕم ڕادەی جێگیری نمرەکانی فۆڕمی هەر تاکێکە لە ناو گروپێکی دیاریکراودا لە دوبارە تاقیکردنەوەیدا لە دو ماوەی جیاوازدا بە هەمان فۆڕمی ڕاپرسی.(عباس، 1996، 22)

جێگیری تاقیکردنەوەکە بەدی هاتوە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (SPSS) لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی کرداریی لەسەر نمونەی سەرەتایی لە دەرەوەی نمونەی توێژینەوەکە، ئەم سامپڵەش هاوشێوەیە دەبێ لە تایبەتمەندییەکانی لەگەڵ تایبەتمەندی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە لای خوێندکارانی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی، کە ژمارەیان دەگاتە (40) خوێندکاری کوڕ و کچ، ڕێژەی جێگیری تاقیکردنەوەکە دەگاتە (91.،)، ئەم ڕێژەش بە ڕێژەیەکی بەرز دادەنرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە. بەو شێوەیە کاتی هەژمارکراو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەلایەن خوێندکاران بە (40) خولەک دیاریکراوە.

### 3 – 9 – 1 توانای جیاکەرەوەی برگەکان:

توێژەر بۆ جیاکەرەوەی ئاماری برگەکان، پێوەرەکەی بەسەر (428) خوێندکار لە خوێندنگا ئامادەییەکانی سنوری پەروەردەی چەمچەماڵ بۆ پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی لە هەردو ڕەگەز دابەشکرد،

سەبارەت بە پۆلی دەیەم بۆ ڕەگەزی نێر (169) خوێندکار و بۆ ڕەگەزی مێ (109) بەم شێوەیە کۆی گشتی پۆلی دەیەمی وێژەیی (278) خوێندکار بون. بۆ پۆلی یازدەهەم بۆ ڕەگەزی نێر (77) خوێندکار و بۆ ڕەگەزی مێ (73) خوێندکار کە کۆی گشتی پێکهاتبو لە (150) خوێندکار. دوای وەڵامدانەوە تۆمارکردن و ڕیزکردنی فۆرمەکان لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین، ئینجا فۆرمەکانی کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان بە ڕێژەی لە (27%) و کۆمەڵەی نمرە نزمەکان بە ڕێژەی (27%)ی وەرگیرا، دواتر (ناوەندی ژمێرەیی) بۆ هەر برگەیەک دەرهێنرا لە هەردو گروپەکە (کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان کۆمەڵەی نمرە نزمەکان) بە بەکارهێنانی ئەو ڕێگەیە بە پشت بەستن بە بەرنامەی (SPSS) دۆزینەوەی توانای هێزی جیاکەرەوەیان دەرکەوت ئەویش بەپێی نرخی (T)، ئەنجامی شیکردنەوەی ئاماری ئەوە دەردەخات کە بەهای (T-test) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) دەرکەوت کە سەرجەم برگەکان هیزی جیاکەرەوەیان بەڵگەدارە.

**جیاکاری برگەکان**

| پۆلـــی دەیـــەم | | | | | پۆلـــی یـــازدهـــەم | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| برگە | گروپ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەی | بەهای بەڵگەداری | برگە | گروپ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەی | بەهای بەڵگەداری |
| 1 | بەرز | 3 | 0 | 0.005 | 1 | بەرز | 2.8333 | 0.48154 | 0.034 |
| | نزم | 2.875 | 0.44843 | | | نزم | 2.625 | 0.49454 | |
| 2 | بەرز | 3 | 0 | 0.003 | 2 | بەرز | 2.9167 | 0.40825 | 0.001 |
| | نزم | 2.9167 | 0.28233 | | | نزم | 2.5417 | 0.65801 | |
| 3 | بەرز | 2.9583 | 0.20412 | 0.001 | 3 | بەرز | 3 | 0 | 0.001 |
| | نزم | 2.6667 | 0.63702 | | | نزم | 2.875 | 0.33783 | |
| 4 | بەرز | 3 | 0 | 0.001 | 4 | بەرز | 3 | 0 | 0.042 |
| | نزم | 2.5 | 0.78019 | | | نزم | 2.9167 | 0.40825 | |
| 5 | بەرز | 2.875 | 0.44843 | 0.009 | 5 | بەرز | 3 | 0 | 0.001 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 0.58823 | 2.7917 | نزم | | | 0.33783 | 2.875 | نزم | |
| 0.001 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 6 | 0.001 | 0.56466 | 2.8333 | بەرز | 6 |
| | 0.85019 | 2.125 | نزم | | | 0.9079 | 2.0417 | نزم | |
| 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 7 | 0.001 | 0.48154 | 2.8333 | بەرز | 7 |
| | 0.50898 | 2.7917 | نزم | | | 0.8297 | 2.4167 | نزم | |
| 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 8 | 0.001 | 0.40825 | 2.9167 | بەرز | 8 |
| | 0.33783 | 2.875 | نزم | | | 0.57578 | 2.625 | نزم | |
| 0.014 | 0.44843 | 2.875 | بەرز | 9 | 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 9 |
| | 0.48154 | 2.6667 | نزم | | | 0.53161 | 2.75 | نزم | |
| 0.05 | 0.69025 | 2.7083 | بەرز | 10 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 10 |
| | 0.82423 | 2.375 | نزم | | | 0.77553 | 2.4167 | نزم | |
| 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 11 | 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 11 |
| | 0.53161 | 2.75 | نزم | | | 0.65386 | 2.5833 | نزم | |
| 0.002 | 0.28233 | 2.9187 | بەرز | 12 | 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 12 |
| | 0.43233 | 2.7499 | نزم | | | 0.53161 | 2.75 | نزم | |
| 0.001 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 13 | 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 13 |
| | 0.58823 | 2.5417 | نزم | | | 0.62409 | 2.7083 | نزم | |
| 0.016 | 0.69025 | 2.7083 | بەرز | 14 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 14 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 0.88363 | 2.2083 | نزم | | | 0.65386 | 2.5833 | نزم | |
| 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 15 | 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 15 |
| | 0.6469 | 2.625 | نزم | | | 0.7506 | 2.2917 | نزم | |
| 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 16 | 0.033 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 16 |
| | 0.71728 | 2.5833 | نزم | | | 0.50898 | 2.7917 | نزم | |
| 0.02 | 0.40825 | 2.9167 | بەرز | 17 | 0.002 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 17 |
| | 0.38069 | 2.8333 | نزم | | | 0.44233 | 2.75 | نزم | |
| 0.036 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 18 | 0.0241 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 18 |
| | 0.33783 | 2.875 | نزم | | | 0.28233 | 2.9167 | نزم | |
| 0.001 | 0.40825 | 2.9167 | بەرز | 19 | 0.005 | 0 | 3 | بەرز | 19 |
| | 0.71094 | 2.625 | نزم | | | 0.44843 | 2.875 | نزم | |
| 0.005 | 0.58823 | 2.7917 | بەرز | 20 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 20 |
| | 0.83297 | 2.2083 | نزم | | | 0.76139 | 2.3333 | نزم | |
| 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 21 | 0.001 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 21 |
| | 0.65801 | 2.4583 | نزم | | | 0.65801 | 2.4583 | نزم | |
| 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 22 | 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 22 |
| | 0.48154 | 2.6667 | نزم | | | 0.78019 | 2.5 | نزم | |
| 0.035 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 23 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 23 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 0.40825 | 2.9167 | نزم | | | 0.38069 | 2.8333 | نزم | |
| 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 24 | 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 24 |
| | 0.77903 | 2.5417 | نزم | | | 0.85867 | 1.9583 | نزم | |
| 0.002 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 25 | 0.005 | 0.58823 | 2.7917 | بەرز | 25 |
| | 0.62409 | 2.7083 | نزم | | | 0.83297 | 2.2083 | نزم | |
| 0.001 | 0.44843 | 2.875 | بەرز | 26 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 26 |
| | 0.65801 | 2.5417 | نزم | | | 0.53161 | 2.75 | نزم | |
| 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 27 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 27 |
| | 0.53161 | 2.75 | نزم | | | 0.33783 | 2.875 | نزم | |
| 0.004 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 28 | 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 28 |
| | 0.38069 | 2.8333 | نزم | | | 0.46431 | 2.7083 | نزم | |
| 0.003 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 29 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 29 |
| | 0 | 3 | نزم | | | 0.58823 | 2.7917 | نزم | |
| 0.018 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 30 | 0.05 | 0.69025 | 2.7083 | بەرز | 30 |
| | 0.48154 | 2.8333 | نزم | | | 0.82423 | 2.375 | نزم | |
| 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 31 | 0.001 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 31 |
| | 0.53161 | 2.75 | نزم | | | 0.65938 | 2.5 | نزم | |
| 0.05 | 0.62409 | 2.7083 | بەرز | 32 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 32 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 0.77903 | 2.4583 | نزم | | | 0.56466 | 2.6667 | نزم | |
| 0.05 | 0.40825 | 2.9167 | بەرز | 33 | 0.001 | 0.40825 | 2.9167 | بەرز | 33 |
| | 0.33783 | 2.875 | نزم | | | 0.65386 | 2.5833 | نزم | |
| 0.001 | .00000a | 3 | بەرز | 34 | 0.001 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 34 |
| | .00000a | 3 | نزم | | | 0.94696 | 2.125 | نزم | |
| 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 35 | 0.001 | 0.38069 | 2.8333 | بەرز | 35 |
| | 0.6469 | 2.625 | نزم | | | 0.76967 | 2.375 | نزم | |
| 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 36 | 0.007 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 36 |
| | 0.62409 | 2.7083 | نزم | | | 0.53161 | 2.75 | نزم | |
| 0.003 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 37 | 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 37 |
| | 0.62409 | 2.7083 | نزم | | | 0.77903 | 2.4583 | نزم | |
| 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 38 | 0.001 | 0.40825 | 2.9167 | بەرز | 38 |
| | 0.28233 | 2.9167 | نزم | | | 0.72106 | 2.5417 | نزم | |
| 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 39 | 0.001 | 0.40825 | 2.9167 | بەرز | 39 |
| | 0.33783 | 2.875 | نزم | | | 0.78019 | 2.5 | نزم | |
| 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 40 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 40 |
| | 0.56466 | 2.6667 | نزم | | | 0.53161 | 2.75 | نزم | |
| 0.043 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 41 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 41 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 0.8165 | 2.3333 | نزم | | | 0.57578 | 2.625 | نزم | |
| 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 42 | 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 42 |
| | 0.44843 | 2.875 | نزم | | | 0.55003 | 2.7083 | نزم | |
| 0.001 | 0.40825 | 2.9167 | بەرز | 43 | 0.001 | 0.50898 | 2.7917 | بەرز | 43 |
| | 0.86811 | 2.1667 | نزم | | | 0.83297 | 2.4583 | نزم | |
| 0.001 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 44 | 0.006 | 0.60792 | 2.75 | بەرز | 44 |
| | 0.86811 | 2.3333 | نزم | | | 0.88055 | 2.0833 | نزم | |
| 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 45 | 0.048 | 0.76967 | 2.625 | بەرز | 45 |
| | 0.50898 | 2.7917 | نزم | | | 0.76967 | 2.375 | نزم | |
| 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 46 | 0.002 | 0.50898 | 2.7917 | بەرز | 46 |
| | 0.50898 | 2.7917 | نزم | | | 0.76967 | 2.375 | نزم | |
| 0.001 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 47 | 0.05 | 0.48154 | 2.8333 | بەرز | 47 |
| | 0.55003 | 2.7083 | نزم | | | 0.70196 | 2.6667 | نزم | |
| 0.007 | 0 | 3 | بەرز | 48 | 0.023 | 0.40825 | 2.9167 | بەرز | 48 |
| | 0.63702 | 2.6667 | نزم | | | 0.48154 | 2.8333 | نزم | |
| 0.001 | 0.48154 | 2.8333 | بەرز | 49 | 0.008 | 0.56466 | 2.8333 | بەرز | 49 |
| | 0.65801 | 2.5417 | نزم | | | 0.57578 | 2.625 | نزم | |
| 0.001 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 50 | 0.004 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 50 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 0.76139 | 2.3333 | نزم | | | 0.38069 | 2.8333 | نزم | |
| 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 51 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 51 |
| | 0.72232 | 2.5 | نزم | | | 0.33783 | 2.875 | نزم | |
| 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 52 | 0.001 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 52 |
| | 0.65386 | 2.5833 | نزم | | | 0.85019 | 2.125 | نزم | |
| 0.001 | 0.33783 | 2.875 | بەرز | 53 | 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 53 |
| | 0.8297 | 2.5833 | نزم | | | 0.8165 | 1.8333 | نزم | |
| 0.001 | 0.33783 | 2.875 | بەرز | 54 | 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 54 |
| | 0.8297 | 2.5833 | نزم | | | 0.77903 | 2.4583 | نزم | |
| 0.001 | 0.48154 | 2.8333 | بەرز | 55 | | | | | |
| | 0.53161 | 2.75 | نزم | | | | | | |
| 0.001 | 0.8297 | 2.4167 | بەرز | 56 | | | | | |
| | 0.53161 | 2.75 | نزم | | | | | | |
| 0.001 | 0.8297 | 2.5833 | بەرز | 57 | | | | | |
| | 0.9079 | 2.2917 | نزم | | | | | | |
| 0.001 | 0.44843 | 2.875 | بەرز | 58 | | | | | |
| | 0.86811 | 2.1667 | نزم | | | | | | |
| 0.001 | 0 | 3 | بەرز | 59 | | | | | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 0.8165 | 2.3333 | نزم | | | | | | |
| 0.002 | 0 | 3 | بەرز | 60 | | | | | |
| | 0.76139 | 2.3333 | نزم | | | | | | |
| 0.001 | 0.48154 | 2.8333 | بەرز | 61 | | | | | |
| | 0.72106 | 2.4583 | نزم | | | | | | |
| 0.001 | 0.20412 | 2.9583 | بەرز | 62 | | | | | |
| | 0.72106 | 2.4583 | نزم | | | | | | |
| 0.001 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 63 | | | | | |
| | 0.84699 | 2.25 | نزم | | | | | | |
| 0.001 | 0.48154 | 2.8333 | بەرز | 64 | | | | | |
| | 0.77553 | 2.4167 | نزم | | | | | | |
| 0.001 | 0.28233 | 2.9167 | بەرز | 65 | | | | | |
| | 0.91683 | 2.3333 | نزم | | | | | | |

### 3 – 9 – 2 جێگیری بە ڕێگای دوبارە کردنەوە:

بەمەبەستی دیاریکردنی جێگیری پێوەرەکان توێژەر ڕێگای دوبارکردنەوەی بەکارهێناوە، دوای جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەسەر (30) خوێندکار کە بەشێک بون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەو پێکهاتبون لە (30) خوێندکار لە ڕەگەزی نێر و (30) خوێندکار لە ڕەگەزی مێ لە دو خوێندنگای ئامادەیی وێژەیی. دوای تێپەڕبونی دو هەفتە دوبارە پێوەرەکە بەسەر هەمان تاکەکان دابەشکرایەوەو دواتر پەیوەندی لە نیوان ئەنجامەکانی یەکەم جار و دوەم جار لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسن(person) دەرهێنرا،

دەرکەوت کە بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دوەم بریتیە لە بەهای 81,٠ بۆ ئەمەش پەیوەندیکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆ بەرزی جێگیری پێوەرەکە، خشتەی (1) جێگیری پێوەرەکە خراوەتەڕو.

خشتەی (1)

خستنە ڕوی ئەنجامی جێگیری پێوەر

| جێبەجێکردن | نمونە | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | 30 | 37.39 | 5.748 | 0.81 |
| دوەم | 30 | 35.97 | 5.947 | |

## 3 – 10 ئامرازە ئامارییەکان:

توێژەر بۆ چارەسەرکردنی ئامار و شیکردنەوەی زانیاری و داتا بەدەستهاتوەکان توێژەر پشتی بە پرۆگرامی (SPSS) بەستوە بۆ شیکاریی داتاو زانیارییەکان، ئەو هاوکێشە ئامارییانەی کە توێژەر بەکاریهێناون بریتین لە:

1. هاوکۆلکەی پێرسۆن

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{[\text{ن مج س}^2 - (\text{مج س})^2]\,[\text{ن مج ص}^2 - (\text{مج ص})^2]}}$$

ر = بەهای ژمێراو

ن = قەبارەی نمونەیەک

مج س ص = کۆی نمرەی دو گروپ

2. هاوکۆلکەی سپێرمان

$$\text{ر} = 1 - \frac{6\,\text{مج ف}^2}{\text{ن}(\text{ن}^2 - 1)}$$ (عباس، حاجم، 2011: 171)

3. هاوکۆلکەی سپێرمان براوان

بۆ بەدەستهێنانی ڕاستکردنەوە بڕگەکان و ئەنجامەکان ڕاستگۆی ناوەکی ئاڕاستەکان بەکارهاتوە، ئەم لایەنانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:

$$Rx = \frac{2r}{1=r}$$

Rx = ئاستی پەیوەندی و جیاکاری بڕگەکان

2r = ئەنجامی جێتمان بۆ جیاکاری بڕگەکان.

R = هەمان ئەنجامی جێتمان جیاکاری بڕگەکان.

4. هاوکۆلکەی ئاماری تی تێست (T–test) بۆ دونمونەی سەربەخۆ :

$$\text{ت}_{(\text{ن}_1 + \text{ن}_2 - 2)} = \frac{\bar{\text{س}}_1 - \bar{\text{س}}_2}{\sqrt{\frac{(\text{ن}_1 - 1)\text{ع}_1^2 + (\text{ن}_2 - 1)\text{ع}_2^2}{\text{ن}_1 + \text{ن}_2 - 2}} \times \left(\frac{1}{\text{ن}_1} + \frac{1}{\text{ن}_2}\right)}$$

(سَ1)

(سَ2): ناوەندی ژمێرەی نمونەی دوەم

(ن1): ژمارەی تاکەکانی نمونەی یەکەم

(ن2): ژمارەی تاکەکانی نمونەی دوەم

(ع$1^2$): جیاکاری نمونەی یەکەم

(ع$2^2$): جیاکاری نمونەی دوەم

بۆ دۆزینەوەی جیاکاری ئەم یاسایە پێڕەوکراوە:

$$\text{ع}^2 = \frac{\text{مج}(\text{س}-\text{س}-1)^2}{\text{ن}-1}$$

5. هاوکۆلکەی ئاماری تی تێست (T–test)

$$\text{ت}_{(\text{ن}-1)} = \frac{\frac{\text{مج}(\text{س}-\text{ص})}{\text{ن}}}{\sqrt{\frac{\text{ع}_{(\text{الفرق})(\text{س}-\text{ص})}}{\text{ن}}}}$$

6-هاوکۆڵکەی لوشی بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆی ناوەڕۆک

$$\text{ڕاستگۆی ناوەڕۆک} = \frac{\text{ژ.پ} - \frac{\text{ن}}{2}}{\frac{\text{ن}}{2}}$$

ژ.پ: ژمارەی پسپۆڕانی ڕەزامەند بۆ هەر بڕگەیەک.

ن: ژمارەی هەمو پسپۆڕەکان (نورالدين و صليحة، 2012، 159)

## بەشی چوارەم

## خستنەڕوی ئەنجامەکان

### 4 – 1 ئەنجامەکانی پەیوەست بە چەمکە مێژووییەکان لە بەشی یەکەم و دوەم لە نێو پەرتوکی مێژوی پۆلی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە توێژەر هەستاوە بە دەستنیشانکردنی چەمکە مێژووییەکانی بەشی یەکەم و دوەم لە پەرتوکی مێژوی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی. هەروەها پۆلێنکردنی چەمکەکان بۆ هەرسێ ڕەهەندی ڕوت و کاتی و شوێنی.

### 4 – 1 – 1 تێکڕای چەمکەکان و دوبارەبونەوە و ڕێژەی سەدییان لە پەرتوکی مێژوی تایبەت بە پۆلی دەیەم:

چەمکە مێژوویە ڕوتەکان پشکی زیاتریان بەرکەوتوە هەم بۆ زۆری ژمارەیان کە دەگەنە (28) چەمک و هەم لە ڕوی دوبارە بونەویان کە (106) جار دوبارەبونەتەوە لە بەشی یەکەم و دوەمی پەرتوکەکە ئەمەش بە ڕێژەی (50%) پێوانەدەکرێت. سەبارەت بە چەمکە مێژوویە شوێنییەکان، بە پلەی دوەم دێن کە ژمارەیان دەگاتە (19) چەمک و (74) جار دوبارەبونەتەوە لە بەشەکانی یەکەم و دوەمی پەرتوکەکە ئەمەش بە ڕێژەی (35%). هەرچی چەمکە مێژوویە کاتییەکانن، کەمترین پشکیان بەرکەوتوە کە ژمارەیان دەگاتە تەنها (8) چەمک و لەبەشی یەکەم و دوەمی پەرتوکەکە (50) جار دوبارەبونەتەوە کە ئەمەش بە ڕێژەی (15%) لێکدەدرێتەوە. وەک لە خشتەی ژمارە (2) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (2)

ڕێژەی سەدی بۆ هەر ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی چەمکە مێژووییەکانی پۆلی دەیەم

| ناوی چەمک | تێکڕای چەمکەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| چەمکە مێژوویە ڕوتەکان | 28 | 106 | %50 |
| چەمکە مێژوویە شوێنییەکان | 19 | 74 | %35 |
| چەمکە مێژوویە کاتییەکان | 8 | 50 | %15 |
| کۆی گشتی | 55 | 230 | %100 |

## 4 – 1 – 2 تێکڕای چەمکەکان و دوبارەبونەوە و ڕێژەی سەدییان لە پەرتوکی مێژوی تایبەت بە پۆلی یازدەهەم:

چەمکە مێژوییە ڕوتەکان لە پەرتوکی ئەم قۆناغەشدا زۆرترین پشکیان بەرکەوتوە هەم بۆ زۆری ژمارەیان کە دەگەنە (43) چەمک و هەم لە ڕوی دوبارە بونەویان کە (127) جار دوبارە بونەتەوە لە بەشی یەکەم دوەمی پەرتوکەکە ئەمەش بە ڕێژەی (66%) پێوانەدەکرێت. سەبارەت بە چەمکە مێژوییە شوێنییەکان، بە پلەی دوەم دێن کە ژمارەیان دەگاتە (18) چەمک و (29) جار دوبارەبونەتەوە لە بەشەکانی یەکەم و دوەمی پەرتوکەکە ئەمەش بە ڕێژەی (28%). هەرچی چەمکە مێژوییە کاتییەکان، کەمترین پشکیان بەرکەوتوە کە ژمارەیان دەگاتە تەنها (4) چەمک و لەبەشی یەکەم و دوەمی پەرتوکەکە (13) جار دوبارەبونەتەوە کە ئەمەش بە ڕێژەی (6%) لێکدەدرێتەوە. وەک لە خشتەی ژمارە (3) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (3)

ڕێژەی سەدی بۆ هەر ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی چەمکە مێژوییەکانی پۆلی یازدەهەم

| ناوی چەمک | تێکڕای چەمکەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| چەمکە مێژوییە ڕوتەکان | 43 | 127 | %66 |
| چەمکە مێژوییە شوێنییەکان | 18 | 29 | %28 |
| چەمکە مێژوییە کاتییەکان | 4 | 13 | %6 |
| کۆی گشتی | 65 | 169 | %100 |

# بەشی پێنجەم

## گفتوگۆی دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

### 5 – 2 ڕاسپاردەکان

لە دوای کۆتایی هێنان بە گشت بەشەکانی توێژینەوەکە بە پشتیوانی خودای گەورە و بە سەرکەوتویی دەرئەنجامەکانی دەریخست کە ئاستی تێگەیشتن و بەدەستهێنانی چەمکە مێژوییەکانی نێو پەرتوکی بابەتی مێژوی پۆلی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی لە ئاستێکی بەرزدا نەبو، هەر لەسەر ئەم بنەمایە توێژەر پێ باش بو چەند ڕاسپاردەیەک ڕادەستی لایەنی پەیوەندیدار بکات بە مەبەستی زیاتر بەرەو پێش چون و بەرزبونەوەی ئاستی زانستی لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و سنوری پەروەردەی چەمچەماڵ بە تایبەتی:

1- گرنگی دانی زیاتر بە چەمکە مێژویەکانی پەیوەست بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، وەکو چەمکی کۆچی و ساڵانی تایبەت بە هاتنی ئاینی ئیسلامەوە لەبەرئەوەی دەوڵەت و هەرێمەکەمان ئاینی سەرەکی و زۆرینەیان ئیسلامە.

2- پێویستە وەزارەتی پەروەردە چەند وانەیەکی پراکتیکی بۆ هەندێک لە چەمکەکان زیادبکات و بەکاربهێنرێن بە خستنەڕوی نمونەی جۆراوجۆر وەکو یەکێک لە ئامرازەکانی وانەوتنەوە و دابەشبکرێن بەسەر سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕی بوارەکە.

3- پیویستە ڕاهێنانی تایبەت بە مامۆستایان بکرێت بەر لە خزمەتکردنیان و تەنانەت لە ماوەی خزمەتکردنیشیان لە بارەی خوێندکار و ڕادەی بەدەستهێنانی چەمکەکان لای خوێندکاران.

4- پێویستە لەکۆتایی هەر پەرتوکێکی مێژو پەراوێزی تایبەت بە چەمکەکان هەبێت لەگەڵ شیکردنەوەیان تاکو لای خوێندکاران ئاستەنگی بەدەستهێنانی چەمکەکان دروست نەبێت.

### 5 – 3 پیشنیارەکان بۆ توێژینەوەکانی داهاتو:

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گونجاو لە بار بون تا توێژەر کۆمەڵێک پێشنیار بکات بۆ توێژەرانی دیکە بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان لەوانە:

1- توێژینەوە بکرێت بە مەبەستی خستنەڕوی ئەو کێشە و گرفتانەی ڕوبەڕوی خوێندکاران و مامۆستایانی بابەتی دەبنەوە لە کاتی شیکردنەوەی چەمکەکان.

2- ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە بابەتی چەمکە مێژوییەکان لە گشت قۆناغەکانی خوێندن نەک تەنها قۆناغی ئامادەیی بەمەبەستی ئاشنابونی خوێندکاران بە زاراوەی "چەمکی مێژویی".

2- توێژینەوە بکرێت بۆ دەرخستنی چەمکی مێژوویی دیکە لە نێو پەرتوکی مێژوی پۆلەکانی دەیەم و یازدەهەمی وێژەیی.

# The level of acquisition of historical concepts for tenth and eleventh grade literary branch students from the perspective of history teachers

**Ahmed Ali Hama[1] - Salam Abdulkarim Abdullah[2] - Awat Ahmed Rashid[3]**

[1]College of Primary Education, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

[2]College of Humanities Education, Sulaimani University, Said Sadiq, Kurdistan Region, Iraq.

[3]Department of Social Sciences, College of Primary Education, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The purpose of this research is to prepare an appraisal criterion about the pitch of acquisition of historical concepts in the first and second parts of the history book of tenth and eleventh grades of literary branch students. At the same time, displaying the problem of foreshowing the concepts to students by some of teachers in Chamchamal Education Directorate. In order to hit the aim of the research, the researcher used the attributive analysis content method of. First of all, the researcher differentiated all of the historical concepts of the three vessel (pure, interim and spatial) of the first and second parts of the history book of the tenth and eleventh literary branch. Then preparing (60) multiple questions, which (30) questions were prepared for tenth grade students and (30) questions for eleventh grade students for both genders of males and females of the academic year (2022 - 2023). The tenth grade students of literary branch in Chamchamal education consisted of (621) boys and (399) girls, generally, the students of both genders in the tenth grade of literature consisted of (1020) students who were divided into (17) schools. However, the students of the eleventh grade of literature in Chamchamal consisted of (288) boys and (271) girls. In total, the students of both genders in the tenth grade of literary consisted of (559) students who were divided into (20) schools in the abuttals. Thus, the total number of students in the tenth and eleventh grades of literary brunch in governmental schools of the Chamchamal Education Directorate, The number of students in the region reaches (1579) students. It includes (909) male students and (670) female students. Then the researcher assigned the validity and stability of the devices according to Person's equations, arithmetic mean, test (T. test), after verifying the validity of the tool, The researcher used the statistical program (SPSS). As a result, The researcher discovered that all the historical concepts of the first and second parts of the history of the tenth and

eleventh grades with all of the three vessel (pure, interim and spatial) and can be used as a criterion and get benefit from them for the other researches.

**Key words:** Acquisition, Level of Acquisition, Historical Concepts,History, Concept.

## سەرچاوەكان

ئەحمەد، كەمال مەزهەر (2008): مێژو (كورتەباسێكی مێژو و كورد و مێژو)، چاپی دوەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

بۆكانی، سابیر (2016): میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەكەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پەروەردە (2007): مێژوی شارستانییەكان بۆ پۆلی دەیەم (چوارەم)ی وێژەیی، چاپخانەی موكریان، هەولێر.

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پەروەردە (2007): مێژوی نوێ بۆ پۆلی یازدەهەم (پێنجەم)ی وێژەیی، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

مامڵێسی، زانا عوسمان محمد (2009): هەڵسەنگاندنی كتێبەكانی مێژوی قۆناغی ئامادەیی لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە لە هەرێمی كوردستان، عێراق، نامەیەكی ماستەری بڵاوكراوەیە، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی

أقصيمة، أحمد عبدالله (2000): مستوى اكتساب بعض المفاهيم الفلسطينية لدى طلبة الصف التاسع الأساسي بمحافظات غزة و علاقته بانتمائهم الوطني، رسالة ماجستير غير منشورة.

إبراهيم، خيري علي (1994): المواد الاجتماعية في مناهج التعليم بين النظرية و التطبيق، الطبعة الاولى، دار المعرفة الجامعة الاسكندرية، مصر.

حسن، احسان محمد (1999): موسوعة علم الاجتماع، دار العربية للموسوعات، ط1، بيروت.

دياب، سهيل رزق (2003): مناهج البحث العلمي، غزة، فلسطين.

رسلان، ختام عبدالله (2001): مدى احتواء كتب التاريخ للمرحلة الاساسية العليا في الأردن للمفاهيم الزمنية في ضوء تحليل محتواها، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة اليرموك.

رضوان، أبو الفتوح، مبارك، فتحي (1987): الموارد الاجتماعية في التعليم العام، أهدافها، مناهجها و طرق تدريسها الطبعة الثالثة، دارالمعارف، القاهرة.

زيعور، محمد (2006): عالم التربية ماهية و التاريخ و تطلعات، دار الهادي للنشر، ط1، بيروت.

الطيطي، محمد حمد (2004): البنية المعرفية لاكتساب المفاهيم تعلمها و تعليمها، الطبعة الأولى، دار الأمل، أربد، عمان.

عبابنة، سعيد (1998): مدى تضمن المفاهيم الآقتصادية في كتب الدراسات و وجهة نظر معلميها، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة اليرموك، أربد.

عباس، سامي عزيز و محمد يوسف حاجم (2011): منهج البحث العلمي المفهوم والاساليب والتحليل والكتابة،(جامعة بغداد، جامعة ديالى).

عبدالله، حسام (2003): طرق تدريس التاريخ، دار أسامة للنشر، عمان.

عبيدات، هاني حتمل (2005): درجة معرفة معلمي مادة التاريخ بالمفاهيم الزمنية في كتاب التاريخ الأردن المعاصر و مدى اكتساب الطلبة لها، دراسات العلوم التربوية، المجلد (32)، (2).

عقل، أنور (2001): نحو تقويم أفضل، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، بيروت، لبنان.

عمارة، بثينة حسنين (1981): نظرية أوزيل في التعليم و تطبيقاتها العلمية في التخطيط الجيد، صحيفة التربية، عدد مارس، القاهرة.

غضبان، سعد حبيب (2014): فاعلية التعلم الالكتروني في اكتساب المفاهيم التاريخية عند طلاب صف الخامس الأدبي و تنمية تفكيرهم الناقد، رسالة غير منشورة، جامعة تكريت، كلية التربية للعلوم الانسانية، مجلة الجامعة العراقية، العدد (49)، جزء (2).

الفرحان، اسحق، مرعي، توفيق، بلقيس، أحمد (1988): تعلم المناهج التربوي، دار الفرقان، عمان.

فطيم، لطفي أحمد، أبو العزايم، عبدالمنعم جمال (1988): نظريات التعلم المعاصرة، مكتبة النهضة المنصرة، القاهرة.

اللقائي، أحمد حسين، أبو سنينة، عودة عبدالجواد (1990): أساليب التدريس الدراسات الأجتماعية، مكتبة دار الثقافة، عمان.

ماهر، ابو الهطل و اخرون (2003): تقويم كتاب الرياضيات للصف الثامن (الجزء الثاني من وجهة نظر معلمي الرياضيات و طلبتهم بمحافظة غزة، وكالة هيئة الآمم المتحدة، دائرة التربية و التعليم، مركز التطوير التربوي.

مرعي، توفيق، بلقيس، أحمد (1996): الميسرفي علم النفس التربوي, الطبعة الثانية، دار الفرقان، عمان.

معايمة، عماد طليبا (1991): ادارة الوقت، (د.ن)، عمان.

الناشف، عبدالملك (1983): جوانب مختارة من البناء الوظيفي لمهنة التعليم ، المجلة العربية للتربية، مجلد (3)، العدد (1).

نورالدين، جبالي و صليحة عدودة (2012): الكفاءة الذاتية و علاقتها بأسلوب الحياة لدى مرضى قصور الشريان التاجي دراسة ميدانية بالمركز الإستشفائي الجامعي باتنة، مجلة العلوم الإنسانية الإجتماعية، العدد التاسع، الجزء الأول

يحيى، محمد لطفي (1989): تقويم منهج التاريخ للمرحلة الثانوية في الضوء القومية و المواطنة، و فكر تفاهم الدولي، رسالة دكتوراء غير منشورة، جامعة الازهر، القاهرة.

Banks, James and Ambrose, Clegge Jr. (1977). teaching strategies for the social students ;- inquiry, vluing and decision making, Second Edition, Addision Wesley Publishing Company, New York.

Barton, Keih, C.Lvestik, Lina. (1994) "Back when God was around and Everything" Elementary Children Understanding of Historical Time. paper presented at the annual meeting of the American Education Research Association, April

Coleman, Knight C. (1995) The Five Keys to History Social Science. Social Studies Review. Hass. Mary. E.(1991) An A Analysis of Social science and History Concepts in Elementary Social Studies textbook, Grand 1-4, Theory and Research in Social Studies Education Vol. 19. No.2.

Hunkins,.P,.Francis. (1982) Social studies in the Elementary school. Columbus, Charlest, Merrill publishing Company.

Janmaat, Jan. Germen. (2005) Ethnic and Civic Conception of the Nation in Ukraine's History Textbook. European Education, Vol.37, Issue 3.

Maxim George, W. (1995) Social Studies and the Eementray School Child, Fifth Edition, Prentice – Hall Inc, New Jersey.

Michaelis. John, U (1976) Social studies for children in a Democracy, Prentice. Hall, Inc, Engle wood cliffs, New Jersey.

Omara, Bothaina H. (1967) An Analysis of Theoretical Framework and Empirical for Curriculum Development, theca, N.Y., Cornell University Un published.

Marazano, R, et al. (1988) Dimensions of Thinking: A Frame work for Curriculum and Instruction. ASCD Alexandria, Virginia.

Siler, Carl Richard. (1985) A content Analysis of selected United States History Textbook Concerning world wall, Dissertation Abstract International Vol.96 No.6.

Weinland, I. (1984) How to Think Straight. A Helix Book. Rowman and Allanheld Totowa, New Jersey.

Martorella, Peter, H. (1991) Teaching Social Studies in Middle and Secondary Schools, McMillan Publishing Company, New York, 1.